# ڕێزلای ئەو بێ ڕێزانەی کە ڕێزدارنەبوون .

حاجی ئەنوەر
21.04.05

ماوەیەکی کورتی چەندساڵییەک دەبێت دیاردەیەکی ناشیرینی دوور لە کلتوری کوردی پێش ڕاپەڕین سەری هەڵداوە کە جێگەی نیگەرانیە و مایەی کارەساتێکی گەورە دەبێت لە دوا ڕۆژدا ، ئەگەر ڕێگایی پێنەگیرێت . ئەو دیاردە ناشیرینەش بەکارهێنانی زۆری ووشەی ڕێزە لە کات و شوێنی نەگونجاو، لە ڕستەو بۆ کەسانی ناشایستە و لەلایەکی ترەوە بۆ شاردنەوەی پاشەڵی پیسیان . بەدرێژایی مێژوو مرۆڤایەتی کۆمەڵگا بەپێی بەرژەوەندیە چینایەتیە کانەوە دابەش بوە ، ئەوەی لێرەدا مەبەستمە و لە چەند دێڕی سەرەتادا نوسیومە دوورلەکلتوری کوردی پێش ڕاپەڕین . پێش ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان ئەگەر چی ڕژێمی فاشیستی بەعسی عەرەبی بەئاگرو ئاسن مامەڵەی لەگەڵ گەلی کوردا لە باشور دەکرد ، ئەگەر چی ژمارەیەکی زۆر لە سیخوڕ و بەکرێگیراوی جۆراو چۆری ڕاگرتبوو !!!! بەڵام خەڵکی بەرهەڵستکاری کورد بە پێشمەرگەو جەماوەری ناڕازی لەو ڕژێمە دکتاتۆرە فاشیە بە شێوەی جۆراو جۆر ڕووبەڕووی دەبونەوە ، دەیان و سەدان ناو ناتۆرە و سەدان نوکتەو خیتابەکانی دەستەڵاتی ئەو سەردەمەیان دەشێواندو دەیانکردە گاڵتەجاڕی . ئەوەی کە ڕێزبوایە لەو دەستەڵاتە نەدەگیرا ، تەنها بەکرێگیراوەکانی خۆی نەبێت . ئەو کات ڕێز لە ڕێزدار دەگیرا ، ڕێزلەو قارەمانانە دەگیرا کە لە بەرەی گەلدا بوون و خۆیان نەفرۆشتبوو بەڕژێم و ڕۆژانەش ڕووبەڕووی دەیان مەترسی دەبوونەوە ، ئەوکات ووشەی ڕێز لەناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی بەعسدا بەس بەزمانی عەرەبی دەوترا ، لە ئاستی عێراقدا خوابیپارێزێ و لە ئاستی شارە و ناحیەوئۆردوگاکاندا سیدی المحترم ، ڕۆژانە چەندەها جار لەزاری کورد بە زمانی عەرەبی دەهاتەدەرەوە . ئەو کات بەرەی گەل لەبەرامبەر فاشیزمدا یەکگرتویەکدەنگ بوو ، کۆبونەوەو گفتوگۆکانیش لە چوار چێوەیەکی دیاری کراودا بوون ، بەشێکی زۆریش لەخۆفرۆشان جگە لە هەواڵگرە نهێنیەکان ( المخبر السری ) ئاشکرا بوون . ئەوان بەشێکی جیاواز بوون لەئێمە ، ئێمەش یەک بووین تەعزیەو شایی ، میوانداری و سەیرانمان سود لێوەردەگرت بۆ گفتوگۆی ئازادو دوور لەچاوی خوێناوی و دەمی پیسیان ، ئەو کات دەمان ووت : داروین ، بێکەس ، گۆران ، مارکس ، قەدەم خێر ، ئەحمد موختار ، لینین ، شێخ سەعید ، ڕۆزا ،قازی محمد ، کلارا ، ماوتسی تونخ ، حەپسەخان ، مەلامستەفا ،کاک ئارام ، مام جەلال ، قانع ، پیرەمێرد ........... ) بەبێ ئەوەی ووشەی بەڕێز بەکار بهێنین . ئێمە بێ ڕێزیمان بەوان نەدەکرد کە ووشەی بەڕێزمان بەکارنەدەهێنا ، بەڵکولە ڕێگای خەبات و بەرهەمەکانی ئەوانەوە بۆ ڕێگای ڕزگاری دەگەڕاین . ئەوان ئێمە بون ، ئێمەو ئەوان لەناو یەکدا توابوینەوە ئێمە ووشەی بەڕێزمان بەکار نەدەهێنا ، ئەوانیش ڕازی نەدەبوون چونکە هیچ کەلێنیک لە نێوانماندا نەبوو . ئەوان ڕێزدار بوون ژیانی خۆیانیان تەرخان کرد یان بەخشی لە پێناوی ڕزگاریدا ، چونکە ئێمە لەوان نەدەترساین ئەوانیش

ئێمەیان لە ئامێزگرتبو گەر پڕبەگەروو بانگمان بکردنایە ، بە ڕویەکی خۆشەوە وەلامیان ئەدایەوە .

## چۆن مایەی کارەساتیکی گەورە دەبێت .

ڕژێمی فاشی لەناوچوو بە سود وەرگرتن لەو هەموو سامانەی کە دەستی بەسەردا گرتبو توانیبوی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە کوردە نەفس نزم و بودەڵەکان بکڕێت کە تەنها لە پارێزگای سلیمانیدا (ناوەندی پارێزگا ، قەزاکان ، ناحیەکان ، ئۆردوگاکان ) 70 هەزار هەوالگری نهێنی(مخبرالسری) هەبوە کە ئەمانە ئاشکرا نەبون لای جەماوەر ئەمە جگە لەو هەموە خۆفرۆشەی قورس و سوک و تایبەت و سوپای میللی و ئەمن و ئستخبارات و موخابەرات و تەواری و مونەزەمەکانی فتوە و تەلایع ....... کە ئەم ژمارەیە لەناو کوردستاندا خۆی لە میلوێنێک دابوو . لەناو دەستەلاتدارێتی ئێستای کوردستانیشدا جگە لەو ژمارەیە لە فایلدارەکان ، هەمو مستشاروتەواری و خۆفرۆشانی ترکە سوچێکیان بە تێلایەکەوە لە دەستەلات گرتوە و چۆن لەڕابودودا گوێڕایەڵ و ئەڵقەلەگوێی بەعس بوون لەناو ئەم دەستەلاتەشدا هەمان کاریان کرد و کاریگەرییان بەسەر درێژەدانی کارەسات و ئازارەکانەوە بوو . ئەوە ئەو کاسەلێسانە بوون دەهۆلی دەستی پیاوە ئازاکانی مالویرانی و ڕشتنی خوێنی کورد بون بەدەستی کورد ، ئەوە هەمان کاسەلێسان و چڵکاوخۆرانی بەعسن هەر ناوی دەستەلاتدارێک هات زل بێت یان بچوک ، گرنگ ئەوەیە شتێکی بەدەستەوە بێت ، یەکسەر ووشەکانی بەرێز و جەناب و گەورەم لە زاری پیسی و دووڕوویانەوە دەردەچێ . ئەوە ئەوان و بەناو ڕۆشنبیرە قەڵەم بەدەستەکانن کەبەبێ شەرم و ترس لە ئێستای گەل وداهاتوی مێژوو بەشان و باڵی دەستەلاتدا هەڵئەدەن و پاکانە بۆ هەمو کارە نادروستەکانیان دەهێننەوە . ئەوە هەر ئەوان بوون لە کاتی تالانکاری و شەڕی نەعلەتی کورد کوشتنا بەهانەیان بۆ ڕەوای شەڕی پارتی دژ بە یەکێتی و بە پێچەوانەوە دەهێنایەوە . ئەوانە حیزبی نین ، هەلپەرست و بەرژەوەندی پەرستن ، ناتوانن ئەندامێکی دڵسۆزو کارامە بن بۆ کۆمەلگا ، ئەندامی چالاک و دڵسۆزلەحیزبدا چاو کراوەیە ، لەئاستی گەندەڵی و تاوانەکاندا بێدەنگ نابێت ، بەلام کاتێک کە حیزب بووە کۆمپانیایەک ، سەرتاپای گەندەڵ دەبێت ، دەبێتە مۆلگەی تەراتێنی هەلپەرستان . هەر ئەو گەندەڵیە وایکردوە هەمو هەوالگرەکان ( مخبر السری ) و خۆفرۆشە جیاجیاکان نەک وەک بەرزەکی بابان بۆی دەرچون بەڵکو ئەمڕۆ بەشانازیەوە باسی حیزب و خەبات و فیداکارییەکانیان دەکەن وچۆن لە پێشودا ولەترسا و بۆ ماستاو کردن بەئاغای مستشارو بەعسیان دەوت گەورەی ڕێزدارم ئیستاکەش بەهەمان عەقلیەتەوە مامەڵە لەگەڵ کەسانی ڕکەبەری سەدام و دارو دەستەکەی دەکەن ، کەئەمە خۆی لەخۆیدا سوکایەتی قبولکردنە ، بەلام دەستەلاتیش بۆ بەردەوامی و چەواشەکاری پێویستی بەپاشماوە ڕزیوە بۆگەنە سوکەکانی سیستەمەگەندەڵەکەی پێش خۆی هەیە .

کێ شایستەی ڕێزە ؟ .

کاتێک مرۆڤێکی تینوی پاش گەشتێکی دوور دەگاتە ئاوێک ، تینویەتی و ماندویەتی خۆی دەردەکات....کاتێک گەرمایی گەرمی هاوینی گەرمیان شەکەتت دەکات و دەگەیتە بن دارێک .... ئەوکاتەی سەرماو سۆڵە و کرێوەی زستانی کوێستانەکان ، لەمەرگ نزیکت دەخاتەوە ، ئەشکەوتێک لە دوورەوە دەردەکەوێت .... کاتێک نەخۆشیت و دەرمانێکت دەدەنێ ، گوێ لە ئاوازێک دەگری ، سەیری فلیمێک دەکەیت ، هۆنراوەیەک ، ڕۆمانێک ، پەرتوکێک دەخوێنیتەوە ، مامۆستایەک دەبینی ، پۆشاکێک لەبەر دەکەیت ، هەر شتێکی تر کە سود بەخشە بۆ مرۆڤ ، دەبێت ڕێزی لێبگرین ، ئەمانە جێگایی ڕێزن ، ئێمە هەمومان قەرزاری هەمو ئەوانەین کە خزمەتیان بە مرۆڤایەتی کردوە دەبێت ڕێزیان لێبگرین . بەڵام بەداخەوە بێ ڕێزی ئەوەندە زۆر بووە ڕێز لە ڕێزدارانیش ناگیررێت دەڵێن : گۆران لە شیعرێیکیا دەڵێ ! ( هەیە وەک من بەسەر دڕکا ئەنێ هەنگاوی ئاوارە ,,,,هەیە هیی وایش کە فەرشی ژێر پێی ئاوریشمی گوڵزارە ) بەڵام کاتێک کە باس دێتە سەر دەستەڵاتدارێک دەڵێن : جەنابی بەڕێز کاک ..... دوێنێ فەرموی !!!! . هەمو مرۆڤێیک شاییستەی ڕێزە ! بەڵام ! کاتێک زیانی لە سودی زیاتر بوو دەبێت هەوڵبدریت چارەسەر بکرێت ، ئەگەر نەکرا دەبیت لە ڕیزی ڕێزداراندا دەربکرێت . ووشەی ڕێز زیاتر بۆ دەستەڵاتداران بەکارئەهێنرێ زیاتریش لەلایەن ئەندامەکانی حیزبە دەستەڵاتدارەکانەوە کە تێکەڵەیەکە لە کۆنە تێکۆشەرو کۆنە خۆفرۆش ، کە دەستەڵاتداران لە ڕێگایی دەسگانهینی و ڕێکخستەکانیانەوە فەرزیان کردوە لە بەکارهێنانی بە بەردەوامی ئەو ووشانەی کە گەورەی و دەستەڵاتیان نیشان ئەدا کە ئامانجیکی گەورەی لە پشتەوەیە :

1- بە پیرۆز نیشان دانی لێپرساوە دەستەڵاتدارەکان تا ڕێگری دابنێن لە بەرامبەر هەر ڕەخنەو سەرزەنشتێک لەئەنجامی کارە نادروست و نا نەتەوەیی و نادیمۆکراتیەکانیادا کە کردویانەو دەیکەن .
2- حەرام کردن و هێڵی سووردانان لە لێپرسینەوەی دەستەڵاتداران لە کوشتن و کاولکاری وبە هەدەربردنی ماڵ و موڵکی کورد .
3- سڕینەوە مێژووی فایلدارەکان و گێڕانەوەیان بۆ ناو ڕێزی گەل و لەبیر بردنەوەی تاوانەکانیان و دوور خستنەوەیان لە دادگایی .
4- شاردنەوەی موستشارو خۆفرۆشە جیاجیاکانی تر کە ئێستاکە دەستەڵاتدارن و هەندێکیان پۆستی گرنگیان بەدەستەوەیە .

هەربۆیە من بەشبەحاڵی خۆم پێشنیاری ئەوە دەکەم ووشەی بەڕێز کەم بکرێتەوەو بزانرێت کە کوێدا بەکار دەهێنرێت و هەر کەس و لایەنێک کە تاوانی کوشتن ، برسێتی ، ئاوارەیی ، هەر ئازارو ئەشکەنجەیەکی تریان بەرامبەر کورد کردوە بەقەد کردارەکانیان ڕێزیان لێبگرین و لێیان بپرسینەوە . با لێرە بەدواوە بۆ نمونە مەولەوی حەزرەتی مەولەوی و قازی موحەمەد پێشەوای نەمر و گۆران مامۆستا گۆران بێت .